# هەڵسەنگاندنی هونەریی حەسەن زیرەک: غەمگین فەرەج

## ١ / دۆخی قورگ و شێوازی دەنگی زیرەک.

و: غەمگین فەرەج:

ئاشکرایە کە سروشتی قورگ و شێوازی دەنگی زیرەک یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە لە گۆرانی بێژانی تری جیا دەکاتەوە ، بەوەی کە ئەو سۆز و جۆری تۆن و نەغمە دەنگیانەی کە لەقورگی زیرەکدا بوونی هەیە تایبەتەو لای گۆرانیبێژێکی تر نایبینینەوە . دەنگ و ژێکانی قورگی زیرەک هەر لەخۆڕسکەوە جۆرێک لە دەنگ و تۆنی موزیکی تیا خوڵقاوە کە زۆر جار لە تێکەڵەیەکی چەند چینێکی دەنگی دەچێت لە یەک کاتدا گۆرانی بچڕن. تایبەتتر لە دەنگی زیرەکدا جۆرێک لە جوانکاری و لەرینەوە یا ڤیبراتۆیەکی نەرم هەیە ، کە بەدەگمەن لەدەنگی گۆرانیبێژانی تردا بوونی هەیە . بێگومان ئەم دەنگە لەسەر پەروەردەیەکی ئەکادیمی درووست نەبووە و بەڵکو هەر لە خۆڕسکەوە بەو شێوازە بووە . بۆیە دەنگی زیرەک تایبەتە و خەسڵەتی دەنگی ئەو دەگمەن و دانسقەیە

## ٢/چەشنایەتی دەنگی زیرەک.

و: غەمگین فەرەج:

وەک لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا دەرکەوتووە کە زیرەک بەردەوام لە چینە بەرزەکاندا گۆرانیەکانی خوێندووە کە چینی تینۆرە . بەڵام هاوکات توانایی دەنگی حەسەن زیرەکی نەمر لەوە زۆر فراوانتر بووە کە تەنها لە چینێکی دەنگیی دیاریکراودا بمێنێتەوە ، بۆیە زۆر جار تونای دەنگی خۆی لەچینی گڕ یا بەیزیشدا زۆر شارازایەنە نیشان داوین. لەهەردوو فۆرمی بەستە و مەقامیشدا ، بۆ نمونە لەگۆرانی (دینێ مەڕۆ) دا زیرەک هەوڵی تاقیکردنەوەی چینە دەنگیە گڕ و بەیزەکان دەدات . دەکرێت لەرێی گوێگرتن لە بەرهەمەکانی زیرەکەوە زۆر بەڕوونی ئەم فرە توانایی دەنگی زیرەک بەڕوونی هەست پێبکەین.

## ٣ /ڕادەی توانای دەنگەکەی و ڕادەی سەرکەوتوویی لەو بوارەدا؟

و: غەمگین فەرەج:

وەک پێشتر ئەماژەم پێداوە کە توانای دەنگی هونەرمەند حەسەن زیرەک فراوان بووە و بەتەنها چینێکی دەنگی و ڕەنگێکی دەنگیەوە نەوەستاوە ، بگرە فرە ڕەنگ و زۆر بەتواناو سەلیقەیەکی موزیکی بەرزەوە یاری بەدەنگ و تۆنە موزیکیەکان کردووە و لەرێی ژێ دەنگیەکانی قورگیەوە جۆر و ڕەنگێکی جیاواز و تایبەتی لە میلۆدی و ئاوازی کوردی نەمر پێ بەخشیوین کە تا ئەمرۆش بەزیندوویی ماونەتەوە . دیارە بە نەمری مانەوەی بەرهەمەکانی زیرەک گەواهی ئەوەدەدەن کە ڕادەی توانایی و سەرکەوتوویی دەنگی زیرەک لەئاستێکی بەرزدا بووە ، کە تەنها بە ڕاهێنانێکی خۆڕسکی و بەردوامبوون لە چڕینی شێواز و فۆرمی جیا جیا لە گۆرانی کوردی و میللەتانی تریش توانیویەتی ئەم ئاستە بەرزە لە دەنگ و سترانبێژی پێشکەش بە موزیک و فەرهەنگی کورد بکات.

## ٤ /توانای گوتنی گۆرانی بێ مۆسیقای تا چ ڕادەیەک بووە؟

و: غەمگین فەرەج :

دیارە ئەو پاوەر و هێزەی لە دەنگی زیرەکدا هەبووە کە زۆر جار هەستت کردووە کەتێکەڵەیەکە لە چەند دەنگێک لە چەند چینێکی جیاواز ، وایکردووە کە دەنگی زیرەک زۆر جار بێ پاڵپشتی موزیک هەر بۆخۆی چێژ بەخشبووە و دەنگێکی پر و تێر بووە . وە چەندان نەواری هەیە کە پڕن لەو بەرهەمانەی کە بێ هیچ باگگراوند و هاوبەشییەکی ئامێرە موزیکیەکان ئەنجامدراون و بەشێوەکی زۆر بەربڵاو ئاشنابوون بە گوێگرانی . کە بێگومان ئەمەش بەواتای توانایەکی ئاستبەرز لە هونەری گۆرانیبێژیدا لای زیرەک . ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئەو بەرهەمانەی زیرەک کە بێ موزیکە ڕاستە ئاشنایە بە گوێگرانی ، بەڵام هاوکات ئەم جۆرە دەنگانەی کە

خاوەنی ئەو پاوەرە بەهێزەن کاتێک لەگەڵ گرووپی موزیکدا دەخوێنن زۆر جوانتر و تێر وپڕ تر دەردەکەون لەڕووی موزیکی و هونەرییەوە.

**٥/ڕادەی ناسیاوبوونی لەمەقاماتی مۆسیقا یان دەزگا مۆسیقاییەکان.**

و: غەمگین فەرەج:

بەوپێیەی کە هونەرمەند حەسەن زیرەک لەزۆرینەی دەزگاو مەقامە موزیکیەکاندا گۆرانی چڕیوە، واتا شارەزاییەکی باشی لەناسین و نمایشکردنی مەقام و دەزگا موزیکیەکاندا هەبووە . وە هەر لەناوەڕۆکی چڕینی گۆرانیەکانییەوە دیارە کە توانایەکی باشی لە پیادەکردنی دەنگ و مەودا دەنگیەکانی ناو پەیژەی مەقامەکاندا هەبووە و زانیویەتی کە لەچ کاتێکدا جێگۆڕکێ بە مەقامەکان بکات . لەلایەکی ترەوە زۆر شارەزایانە دەزگا و پەیژەی مەقامە موزیکیەکانی بۆ گۆرانیەکانی هەڵبژاردووە و لەگەڵ ناوەڕۆکی تێکستی گۆرانیەکانیدا گونجاندوویەتی . ڕاستر بڵێین کە بەپێی ناوەڕۆکی هۆنراوەکان دەزگا و مەقامی گونجاوی بۆ میلۆدی و ئاوازەکانی هەڵبژاردووە . لەوەدا لێزان بووە کە کام مەقام خەمئامێز وکام مەقام شادی بەخشەو چۆن و لە چ سات و کاتێکدا لە ناوەڕۆکی کارە گۆرانیەکانیدا کاریان پێبکات . ئەم شارەزاییەی زیرەکی نەمر بە سەرجەم بەرهەمەکانیەوە زۆر بەڕوونی دیارە . لەهەردوو فۆرم یا شێوازی گۆرانی بەرەزم یا بەستە وەگۆرانی بێرەزم واتا مەقام و شێوازی وتن و چڕینی گۆرانی سەربەست.

**٦ / لە ماوەی ژیانی هونەری خۆیدا لەسەر ڕادیۆی بەغداد ، تاران، کرماشان و لە دەرەوەی ڕادیۆ فەرمییەکان، زیاتر هۆگری مەقاماتی عوسمانی بووە ،یان بەلای دەزگاکانی مۆسیقای ئێرانیدا شکاندۆتەوە؟**

و: غەمگین فەرەج:

بەبڕوای من گۆرانیەکانی زیرەک تام و چێژێکی زۆر تایبەت و کوردی پێوە دیارە ، وە پێم وانییە کە زیرەک لەژێر کاریگەری هیچ کام لە موزیکی تورکی یا عوسمانی و فارسی و عەرەبیدا بووبێت ، بەڵکو ڕەنگێکی زۆر تایبەت لە گۆرانی خوێندووە کە ئەو ڕەنگە ی گۆرانی لە فەرهەنگی وڵاتانی تردا بوونی نەبووە ، هەر بۆیە دەکرێت گۆرانی و شێوازی گۆرانی چڕینی زیرەکی نەمر بە یەکێک لە شوناسە زیندووەکانی موزیکی کوردی دابنرێت . لەگەڵ ئەوەشدا کە زیرەک هەمان ئەو دەزگاو مەقاماتەنەی بەکاربردووە بۆ کارە هونەریەکانی کە لە وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەب کاری پێکراوە ، بەڵام بەهۆی ئەو ڕەنگە تایبەتە کوردیەی کە لەدەنگی زیرەکدا هەبووە هەرچی گۆرانیەکی چڕیبێت زۆر تایبەت و کوردیانە چڕیویەتی . دەنگێک بووە نزیک و ئاشنا بە چیاو دۆڵ و دار و بەردو سروشتی جوانی کوردستان . زیرەک لەکام ڕادیۆ و لەکام دەزگای هونەری گۆرانی چڕیبێت هەر ئەو ڕەنگە کوردیەی چڕیوە کە ئاشنایە بە گوێی هەر یەکێک لە ئێمە بەجیاوازی نەسڵ و تەمەنمان . لەئێزگەی بەغداد موزیکژەنانی عەرەب موزیکیان بۆ ژەندووە زۆر بە هەوایەکی عەرەبی ، بەڵام زەڕڕەیەک کاریگەری بەسەر دەنگی کوردیانەی زیرەکەوە جێنەهێشتووە ، بەهەمان شێوە موزیکژەنانی فارس و ئێرانی زۆر بەهەوایەکی فارسی بۆیان ژەنیوە ، بەڵام زیرەکی نەمر هەر بەکوردییەکی خاوێن خوێندوویەتی ، ئاخر بیرمان نەچێت هەر ئەمانە هۆکارن کە کاتێک باس لەبنەماکانی موزیکی کوردی دەکەین ، ڕاستەوخۆ دەبێت دەست بۆ بەرهەمەکانی هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەک ڕابکێشین و وەک یەکێک لە شوناسە زیندووەکانی موزیکی کوردی پێناسیان بکەین . یەکێک لە تایبەندمەندیەکانی زیرەکی هونەرمەند لەوەدا بووە کە چەندان جار گۆرانی زۆر دیاری وڵاتانی تری وەک فارس ،عەرەب و ئازەری چڕیوەتەوە بە تێکستی کوردی، واتزانیوە کە ئەسڵ و بنەمای ئەو ئاوازە کوردییەکی تەواوە ، ئەمەیە نهێنی دەنگی نەمر و ئەو بەهرە خوداییەی کە خواوەند بە زیرەکی نەمر و هاوکات بە میللەتی کوردی بەخشیوە.

**٧ /چەندە شارەزای مەقامە کوردییەکان بووە ؟ زیاتر کام مەقامی کوردی ناسیوەو گوتویەتیەوە؟ ئایا ئەو مەقاماتە کوردییە لەناو مەقام و دەزگاکانی مۆسیقای عوسمانی و ئێرانیدا دەگونجێن یان لەوان جیاوازن ؟**

و: غەمگین فەرەج


www.rojhalat.de www.bokan.de redaktion@rojhalat.de

ئەگەر مەبەست لە مەقامە کوردییەکان ئەو فۆرمە کوردییانە بێت کە زۆربەیان لە باشوری کوردستان سەریانهەڵداوە وەک ( خاوکەر،خورشیدی،ئای ئای، قەتاروئەڵلاوەیسی، سەفەر..تادوایی.) ئەوا من بەش بەحاڵی خۆم گوێبیستی زیرەک نەبووم کە یەکێک لەم شێوازانەی خوێندبێت . بەڵام مامەڵەی هونەرمەند حەسەن زیرەک لە تەک زۆرینەی مەقام و دەزگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا زۆر بەرفراوان بووە لە کارە هونەری وگۆرانییەکانیدا وەک مەقام یا دەزگاکانی ( بەیات یا شور و حیجاز وحیجازکار و هوزام و سێگا ماهور و ڕاست وسەبا) و زۆری تریش، کە دیارە هەریەک لەم مەقامانەی بە سەلیقە و لێزانیەوە بەکارهێناوە . لە ڕاستیدا بە بڕوای من وەک لەزۆر سەرچاوەش ئاماژەی پێکراوە هەر یەک لەو مەقام یا دەزگایانەی کە من ناوم بردن نابنە موڵکی تەنها میللەتێک و ناکرێت فارسی یا عەرەبی یا ئازەری یا تورکی یا کوردی بن ، دەرئەنجام ئەو مەقامانە هاوبەشن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست و هەندێک ناوچەی تری دنیا ، ئەوەی کە مۆرکێکی نەتەوەیی دەبەخشێتە ئەم مەقامانە ئەوە مامەڵەی هونەرمەندەکەو ئەو شێوازە گوتن و ژەنینە موزیکییەیە کە فۆرمێک دەبەخشێتە مەقامەکە و دەیکاتە دەزگایەکی تایبەت بە میللەتێک ، بۆ نموونە مەقامی ( خاوکەر و سەفەر ) کە دوو مەقامی زۆر تایبەتمەندن بەناوچەی سلێمانی و گەرمیان ، لەبنەچەدا هەردوو مەقامەکە لەسەر بنامەی مەقامی بەیات یا شور داڕێژراون ، بەڵام لێرەدا ئەو شێوازی گوتنەیە کە فۆرمێک بۆ مەقامەکە دروست دەکات و تایبەتمەندی دەکات بە ناوچەیەک یا میللەتێک ، کە دیارە ئەم بابەتە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و شرۆڤەکاریی موزیکی دەخوازێت . ئەو تایبەتمەندییەی کەلە زیرەکدا دەبینرێت شێوازی خوێندنی مەقام یاخود گۆرانیە بێ ڕەزمەکانیەتی کە شێوە و تەکنیکێکی گوتنی تایبەتی پێبەخشیوە کە تەنها ئەوە زیرە کە بەو شێوە و فۆرمە مەقام یا گۆرانیە بێ ڕەزمەکانی خوێندووە . هەر بۆیە ئەم شێوازەی زیرەک لە هیچ کام لە گۆرانیبێژانی تر نابیستین ، هەر بەهەمان شێوەی فۆرمە مەقامیەکانی کە هەر یەک لە هونەرمەندانی دەنگبێژی تری وەک ( عەلی مەردان ، سەیدعەلی ئەسغەر ، تایەرتۆفیق، سێوە ، حەمەساڵح دیلان ) کە هەر یەک لەم گۆرانیبێژ و هونەرمەندە سەرمەشقانەی کە ناوم هێنان شێوازی گوتنی تایبەت بەخۆیان هەیە کە دەناسرێنەوە و هی هیچ کامیان لەهی ئەوی تر ناچێت . بەگشتی هونەرمەند حەسەن زیرەک بەهۆی ئەوەی مەقام و دەزگاکانی بە شێوازێکی لێهاتووانە بەکارهێناوە هەر بەوهۆیەوە دواتر گۆرانییەکانی بوونەتە بەشێکی زیندووی فەرهەنگی گۆرانی و موزیکی کوردی . وەک پێشتریش ئامەژەم پێدا خودی دەنگ و قوڕگ و سروشتی چڕینی زیرەک بە ڕادەیەک کوردی و هەڵقڵاوی سروشتی کوردستانە کە هەر مەقام یا دەزگایەکی بۆ کارەکانی بەکارهێنابێت ڕاستەوخۆ تام و بۆیەکی کوردییانەی پێبەخشیوە.

**٨ /لەماوەی گۆرانی گوتنەکانیدا ،چەندە لەسەر مەقامە مۆسیقاییەکە پێداگربووە و پاراستوویەتی و چەندە لێی لاداوەو بەلاڕێدا ڕۆیشتووە ؟**

و: غەمگین فەرەج

ڕەنگە زیرەک لە نەوار یان بەرهەمە کۆنەکانیدا کە لەدانیشتن و خوانی ماڵاندا بەشێوەکی سەرپێی تۆمارکراوە ،هەندێک جار لادانی بووبێت لە تۆن و نەغمەی موزیک و هاوشان نەبووبێت لەگەڵ ئامێری موزیکدا ، بەڵام وەک پەیوەست بوون بە دەزگاکان و پەیژە ودەنگە موزیکیەکانی مەقامەکان هەمیشە زیرەکی هونەرمەند لەو بوارەدا بەرپرسیارانە گۆرانیەکانی چڕیوە و تەواو پەیوەست بووە بە بونیادی موزیکیی مەقام و دەزگاکانەوە ، بەتایبەت لەو کارانەیدا کە لە گەڵ گرووپی موزیکی و موزیسیانانی شارازەدا تۆمار کراون ، وەک بەرهەمەکانی کە لەگەڵ گرووپی موزیکی ڕادیۆی کرماشان و ئەو کارانەی لە ڕادیۆی بەغداد و ئەو بەرهەمانەی کە لەگەڵ موزیکزانانی باشوری کوردستان و کارو بەرهەمەکانی کەلەگەڵ موجتەبای میرزادە بووە.

**٩ /چەندە شیعری گۆرانییەکانی کردۆتە قوربانی پاراستنی مەقامە مۆسیقیەکە یا پێچەوانەکەی؟**

و: غەمگین فەرەج

بەهۆی ئەوەی کە زیرەک زۆر شارازابووە لە دروستکردنی گۆرانی نوێ لەسەر ئاوازی دی وەک ئازەری و عەرەبی هی تر، بۆیە هەندێک جار کێش و سەروای ئەو هۆنراوانەی کەلەگەڵ ئاوازەکاندا خوێندوونی کورتی و

درێژی تیا بووه و زیره‌ک به‌جۆرێک خۆی هه‌وڵی داوه به وشه‌ی تر هۆنراوه‌که له‌گه‌ڵ ئاوازه‌که بگونجێنێت ، له هه‌ندێکیش له گۆرانیه تۆمارکراوه‌کانیدا به‌تایبه‌ت ئه‌وانی که له دانیشتنی ماڵاندا تۆمارکراوه ره‌نگه وشه‌ی بیرچووبێت و وشه‌ی تری له‌بری گوتبێت ، هه‌ر بۆیه هه‌ندێک گۆرانی زیره‌ک که به چه‌ند شێوه‌یه‌کی جیاواز تۆمارکراون هه‌ست ده‌که‌یت هه‌مان گۆرانی له‌رووی تێکست و پێکهاته‌ی شیعره‌که‌وه که‌م تا زۆر جیاوازی هه‌یه . من له‌و بڕوایه‌دانیم که زیره‌ک شیعری کردبێته قوربانی پاراستنی مه‌قامه موزیکییه‌کان ، به‌ڵکو پێم وایه هه‌ندێک جار ڕه‌زم و پێکهاته‌ی میلۆدیه‌کان و نه‌گونجانی ته‌واویان له‌گه‌ڵ دێڕ و وشه شیعرییه‌کاندا زیره‌کی هونه‌رمه‌ندی ناچار به ده‌ستکاری و گۆڕانی بچوک کردووه له شیعردا ، به‌ڵام گرنگ ئه‌وه‌یه که نه‌یهێشتووه که کار له‌ناوه‌رۆکی شیعره‌که بکات.

**١٠ /به‌گشتی لایه‌نی مۆسیقایی کاره‌کانی زیره‌ک چۆن هه‌ڵده‌سه‌نگێنن ؟**

و: غه‌مگین فه‌ره‌ج

من پێم باشه که ڕای خۆم له‌سه‌ر ئه‌م خاڵه به ڕاشکاوانه بخه‌مه ڕوو . جێی داخه که زۆرێک له کارو به‌رهه‌مه گۆرانیه‌کانی زیره‌کی هونه‌رمه‌ند له‌ڕووی موزیک و ژه‌نین و تۆمارکردنه‌وه له‌ئاستێکی لاوازدان ، که به‌دڵنیاییه‌وه ئه‌مه به‌ده‌ر بووه له خواستی زیره‌کی هونه‌رمه‌ند و توانای ئه‌و سه‌رده‌مانه‌ی ئه‌وی تێدا ژیاوه هه‌ر ئه‌وه‌نده بووه ، به‌ڵام هه‌ریه‌ک له‌ئێمه ئه‌و ڕاستییه ده‌زانین که هونه‌رمه‌ند حه‌سه‌ن زیره‌ک به یه‌کێک له هێما و شوناسه زیندووه‌کانی موزیک و گۆرانی کوردی ناوزه‌د ده‌کرێت ، هه‌ر بۆیه کاره‌کانی ده‌بێت به جۆرێک له جۆره‌کان خاوێن بکرێنه‌وه و ئه‌و کارانه‌ی که له‌ڕووی موزیکه‌وه لاوازو ده‌توانم بڵێم ده‌چنه خانه‌ی نه‌شازی و نارێکی موزیکییه‌وه ، یان چاک بکرێن و سه‌رله‌نوێ درووست بکرێنه‌وه ، یانیش له‌ڕیزی پێشه‌وه‌ی ناساندنی هونه‌ری هونه‌رمه‌ند حه‌سه‌ن زیره‌کدا نمایش نه‌کرێن . له‌لایه‌کی تره‌وه خۆشبه‌ختانه زۆرێک کارو به‌رهه‌می زیره‌ک که تائه‌مڕۆ به‌نه‌مری و جوانی ماونه‌ته‌وه پشت به‌ستوون به‌موزیکێکی زۆر جوان و شایسته وه‌ک پێشتر ئاماژه‌م پێدا ئه‌و به‌رهه‌مانه‌ی که له ڕادیۆی کرماشان و به‌تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی له‌گه‌ڵ میوزسیانی گه‌وره موجته‌بای میرزاده ئه‌نجام دراون وه هه‌ندێک له‌و کارانه‌ی که‌له‌ڕادیۆی به‌غداد و هه‌ندێک له‌و کارانه‌ی که له سلێمانی ئه‌نجامدراون به‌هاوکاری موزیسیانانی ئه‌و کاتانه‌ی تیپی موزیکی مه‌وله‌وی . دیاره هه‌ر یه‌ک له‌و به‌رهه‌مانه‌ن که به‌شێوه‌کی زیندوو ماونه‌ته‌وه. بۆیه به تێڕوانینی من بۆ ناساندنی هونه‌ر و پایه‌ی هونه‌ریی حه‌سه‌ن زیره‌ک باشتر وایه پشت به‌و به‌رهه‌مانه ببه‌سترێن که باگگراوندی موزیکییان باش و هونه‌ری و له‌ئاستێکی گونجاوندان . ده‌کرێت سه‌رجه‌م به‌رهه‌مه‌کانی تر که له‌ڕووی موزیک تۆمارکردن و ژه‌نینی موزیکه‌وه لاوازن ، ئه‌رشیف بکرێن و بۆ مێژوو هه‌ڵبگیرێن ، تا له ئاینده‌دا کاری باشتریان له‌سه‌ر بکرێت ، که ده‌کرێت هه‌ریه‌ک له‌و میلۆدی و ئاوازانه ببنه هه‌وێن و بنه‌مای خوڵقاندنی چه‌ندین کارو به‌رهه‌می موزیکی گه‌وره له‌فۆرمی موزیکی جیاوازدا.

غه‌مگین فه‌ره‌ج
میوزیسیان وئاوازدانه‌ر
ئۆپسالا/سوید
٢٧/٠٥/٢٠٢١

* ئه‌م وتووێژه به بۆنه‌ی سه‌د ساڵه‌ی حه‌سه‌ن زیره‌ک، له لایه‌ن ماڵپه‌ڕی ڕۆژهه‌ڵات/بۆکان-وه ئه‌نجام دراوه.